# دۆزینەوەی شوێن ناوی " دربندات قرابلی" كە (كۆڕێی) ئێستایە لەگەڵ دەها شوێنەواری گرینگ لە (چیای حژیاب)

عەبدولخالق سەرسام

ئێمە كە باسی دۆزینەوە دەكەین مەبەستمان ئەوەنیە شوێنەوارەكە وونبووەو ئێمە دەی دۆزینەوە، چونكە شوێنەوارەكان لەپێش چاوی هەموو خەڵكەو دیارە بەتایبەتی خەڵكی ناوچەكە، بەشێوەی تەپولكەو شوێن قەڵات و دێرو گۆرستان و قەڵات و شوێنەواری دیكە بەناوی خۆی بەڵام بەشێوەیەكی گۆڕاو كە لەگەڵ ناوە مێژوویەكەی لە كتێبەكاندا هاتووەو نەزانراوە دەكەوێتە كام شوێن یان بەهەڵە بەشوێنێكی دیكە لەقەڵەم دراوە. یان شوێنەوارەكە ماوەو ناوێكی تازەی داروەتێ یان هەر بێ ناو وەك كەلاوەیەك دیارەو هیچی لێ نەزانراوە یان لەلایەن دەزگای شوێنەوارەوە تەنیا وەك شوێنەوار دەستنیشانكراوە بەڵام دیسان بەبێ هیچ زانیاریەك دەربارەی ئەم شوێنە، وەك چۆنیەتی دروستكردنی یان كاوڵ بوونی لەسەردەمی خۆی. ئێمە لێرەدا ئەگەر چی دەمانەوێ بەشێوەیەكی خێرا باسی ئەم دۆزینەوانە بكەین.

لەگۆڤارێكی وادا كە جێگای درێژەپێدان و درێژە دادڕی و ووردەكاری نیە، بەڵام ئەمە واناگەینێ كە خۆمان ئامادە نەكردووە لە دەرفەتێكدا بەدوورو درێژی باسی لێوەنەكەین. یان زانیاری زێترمان لەلا نەبێ. بەڵام بۆ بەدۆزینەوەی دەزانین چونكە بۆ یەكەم جار لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكەین وەك دەستپێشخەری و درك كردن و دانانی بنەمایەك بۆ لێكۆڵینەوەی دیكەو ئاسانكاری كردن و سەرنج راكێشان كە تاكو ئێستا یا لە داهاتوودا نووسەران درگی پێنەكەن و هەر وەك شوێنەوارێكی بێ ماناو بێ زانیاری باران بیشواتەوەو لەلایەن خەڵكەوە دەستكاری بكرێ.كەشوێنەكەش زۆر گرینگە و دەبێ پارێزگاری بكرێت. ئەمەو ئەم لێكۆڵینەوە خێرایەی منیش دەبێتە مایەی كە لەداهاتوودا كە شوێنەواری كوردستان باڵا دەست دەبێت لێكۆڵینەوەی شوێنەواری و (كۆڵین) ی تێدا بكات.

## "دۆڵی (كۆڕێ) تا (دوین) شوێنی گەورەترین شارستانیەت"

ئەمەی سەرەوە ناونیشانی لەبەر دەستمە كە ئەگەر خوا عومر بدات كتێبێكی لەسەر چاپ بكەم، یان لێكۆڵینەوەیەكی قووڵی لەسەر بكەم، ئەمەشیان وەك دەستپێشخەری و دۆزینەوە:-

1- دوین- ئێمە لەبەر ئەوەی زۆر باسی دونیمان كردووە، بۆماوەی دەپانزەساڵ لێكۆڵینەوەمان لەسەر كردووە، لەگەڵ زانكۆكان كێشەمان بەردەوام. لێرەدا باسی (دوین) ناكەین تەنیا ئەوە نەبێت كە (دوین) ناوی پێشووتری یان ناوی رەسەنی پێش ئەوەی ببێتە (دوین) بەمانای سوغری سنووری- یان دەمی سنوور كە ناوەكە لە (دەو) دووین) هاتووە. بەگوێرەی شوێنەوارەكان و نەخشەی ئازربێجان لەسەر سنوور بووە ئێستاش لەسەر چیای كۆڕێ شوێن دیواری سنووری ماوە (دوین) یش دەرگای ئازربیجان بووە لەسەر هێڵی 5ر36×40 دەرەجە بەڵام ناوەكەی دیكەی بەشێوەی – هەفتوم- خەفتون – خەفتیان تا (خفتیدەكان ئەبی عەلی ئەل زەرزاری) كە یاقوت ئەل حەمەوی تۆماری كردووە. كە باوكی عەلی زەرزاری مەبەست لەسەلاحەدینی ئەیوبیە كە كۆڕی گەورەی ناوی مەلیك ئەفزەل عەلی بوو. وەسفەكەی یاقوت بۆ شوێنەكە و ناوەكی تەواوی هیچ گومانی لەلا نەهێشتمەوە لەگەڵ ووتەی كاتیەكانی سەلاحەدین كە دەڵێن "إن دوین في آخر اعمال ئاذربیجان مما یلی الروم" بەمانای دوین لەدووا سنووری ئازربیجانە بەلای وولاتی رۆمەوە بەمانای ئەو سنوورەی دەكەوێتە لای رۆم رۆمای بیزەنتی كە دەكاتە سنووری رۆژئاوای ئازربێجان كە چیای كۆڕێ و (دوین) ە. ئەمەو سەدان بەڵگەی شوێنەواری و سەرچاوەیی – بۆ زێدە زانیاری بروانە- (سەلاحەدین ئەیوبی من جدید) یان " سەلاحەدین ئەیوبی ئەرمەنی نیە زەرزاری و رەوەندی (دوین) ی

هەولێرە. بەڵام ئەوەی مەبەستمانە ناوە کۆنەکەی یان ناوەکەی دیکەی دوینە کە حەفتیان خفتون- حبتونە- لەگەڵ دەستنیشانکردنی شوێنەکەی. کەبەمەش لایەنێکی گەورەی مێژووی کورد راستەرێ دەکات.

2- (بابغیش) کە (بابەچیچك) ە لەپشت (دوین) هەردوو مانایەك مەدلولو یەك مەبەستە کە (باب – بەعیش ) بەمانای دەرگای چولکەی (بەغیش) دێت وەك بەبەغا- بەغاش چۆلەکەی رەنگاڵە.. کەوێنەکەی لەسەر کێلەکانی دەرگاکە هەیە بەمانای وێنەی چۆلەکە (بەغاش) رەنگاڵە بە فارسی کە چۆلەکەیەکی پیرۆز بووە تەناتەت ناوی (بەغدا) ش لە یەغیش بەغاشی زەردەشتیانەوە هاتووە. ئەم شوێنە بۆ یەکەم جار مزگەوتی لێ دروستکراوە وەك خەڵکی ناوچەکە دەڵێن کۆلەگەی ناوی ناوەندی مزگەوتەکە کە تا شەستەکان مابوو حکومەتی بەغدا تێکی دا پێیان دەگوت (دار خرنوك) کەناوی شێواوی (دارخورما) بووە ئەسحابەکان داری خورمایان هێناوە درێژە بۆ کۆلەگە یا ستوندی ناوەندی مزگەوتەکە ...... ووردە ووردە لەدەمیان بووەتە (دارخرنوك) وەك موعجیزە کە دارێکی نامۆ بووە لەناوچەکە هەروەها دار خرنوك بچوکە بەڵکو پنجە گیایەکە دار نیە ..... بەدرێژایی مێژوو ووشەی (خورما) بووەتە (خرنوك) لەم دەم بۆ ئەم دەم ئەمەشمان لەهەمان کتێبی (سەلاحەدین من جدید) و گۆڤاری هەولێر.. زێدە زانیاریمان لەسەر بڵاوکردۆتەوە..

جگە لەم زانیاریانەش کە ئیمساڵ کەوتە دەستمان لەکاتی دۆزینەوەی دیر (مار یۆنان عودا) و دێری (حدیاب) بەرامبەر دوین و هەروەها دێری (شکوح) لەتەك گوندی (قور) کە مەبەست لەگوندی (کۆڕی) ی ئێستا وەك لەلاپەرە (262) لەکتێبی – دیارات العراق ی ئەل ئەب ئەلبیر ئەبونا دا هاتووە گوندێکە نزیك مەسیف سەلاحەدین ئەم زانیاریانە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە (بغاش) بابەچیچکی ئێستا یە وەك لەلاپەڕە(260) و دێرمار شمعون و هەمان سەرچاوەدا هاتووە دەڵێ ئەو رێگایەی بۆ ناوچەی گەلی عەلی بەگ دەڕوات لەناوچەی (بیپ بغاش) یان لە لـ (264) کە دەڵێ " قەرەداغ لەناوچەی حبتون لەدایك بووە لەتەكماڵیان (پەرستگای ئاگر) هەبووە.

لەسەر کەلاوەی ئەم پەرستگا زەردەشتیە دێری مار قەرەداغی شەهید ردوستکراوە.. بەمانای دەبێ ئەم شوێنە لە (دوین) ی ئێستا بێت. هەروە بەردەوام دەبێ و دەڵێ " ناوبانگی ئەو دێرە لە "حفتون و چیای بایغاش" پایەبەرزبووە. ئەمەش ئاماژەیەکی گرینگە بۆ شوێنی (دوین) و حفتون – هەفتون- خەفتون- خفتیان ئەل زەرزاری هەمان شوێنی ئێستایە لەچیای (حدیاب) نەك (هەودیان) وەك زۆر لەمێژوونووسان بەهەڵەدا چون و مێژووشیان شێواند و زەرەریان بەمێژووی کورد گەیاند و منیشیان زۆر ماندووکرد.. بفەرموون هەتا دێت کەکەرستە زانیاریەکان و سەرچاوەکان زێتر زانیاری حاشا هەڵنەگر دەدەین بەدەستەوە وەك ئەوەی کە ئەلبیر ئەیونا باسی کردووە و ئاماژەمان پێ کرد کە چۆن ناوچەو چیای حدیاب (چیای کۆڕێ) و سەرووی هەولێرە بەگوێرەی ئەو نەخشە بەشی کەلە لـ (238) لەهەمان سەرچاوەدا هاتووە. دەستنیشانی چیای (حدیاب) دەکات کەواتە سەرچاوە سریانیەکان یان لەم کتێبەی کە ساڵی 200 چاپکراوەو ئێستا بەدەستم گەیشت کەهەما ن ساڵە... هەمان دۆزینەوەکانم سەقامگیرتر دەکات ئەگەر چی کاتی بەهۆی سەرچاوە ئیسلامیەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئیمتولوژی و ئەرکۆلوژی و ئەنترۆپولوژی جەختم لەسەر راستیەکانی
دەکرد.

3- قەڵاتە جنۆکە: ئەم قەڵاتەیە کە بەلای رۆژئاوای سنووری ئازربێجانی کۆنەو لەتەك ( ئەجدانکان) گوندی باپیرانی سەلاحەیدن ئەیوبی کە گۆڕی باپیرە گەورەی لێ یە بەناوی "پیر مەڕوان" بەرامبەر باب (دوین) کە ئیبن خەلەکان باسی دەکات ئێستاش کانیەکی لێ یە بەناوی کانی ئەجندان هەمان ناوی (ئەجندانکان) ە پاش و پێشی کراوە- کەئیبن خەلەکان دەڵێ (واهلها کلهم من الروادیە (رەوندیە) و .. زرارین "الزرزاریە". قەڵاتە جنۆکە جێگای شەهیدبوونی ئەسحابەکانە کە لەبلاژری داهاتووە یان کتێبەکانم دەربارەی سەلاحەدین هەروەها نووسینەکانم لە گۆڤاری هەولێرو کتێبەکەم بەناونیشانی " سەلاحەدین ئەرمەنی نیە ...... و زەرزاری و رەوەندی دوینی هەولێرە" کە هەزبانین و

هەولێر لەپێش هاتنی سەلجوقیەکان پایتەختیان بووە بڕوانە- زبیر بلال – تأريخ اربيل.
4- قەڵاتە جن- ئێمە ئەم شوێنەشمان دەستنیشانکردووە بگەڕێنەوە سەر کتێبەکەم بەعەرەبی (سەلاحەدین ئەل ئەیوبی من جدید).
5- دیر (حدیاب) یان دێر ئەل جص) بەمانای دێری لە قسل و گێچ دروستکراو کە بەرامبەر دوینە لەدۆڵێکدایە لەسەر رووبار – ئەو رووبارەی لەکۆڕێ دێتە خوارێ ئەم دۆزینەوەشمان لە (خەبات) بلاوکردەوە لەمانگی رابردوو تیمی تەلەفزیۆن "عشتارمان" برد تۆماری کرد..... کە لە لـ (254) ئەل ئەب ئەلبیرابونا – دیارات ئەلعراق باسی دەکات دروستکردنی ئەم دێرە دەگەڕێتەوە سەردەمی ساسانیان بەدەستی کوردان دوای ئیسلام بونیان ئەم دێرە تێك دەدرێ کە بەرامبەر دوینە. دیسان بڕوانە لـ (263) هەمان سەرچاوە کە دەڵێ " ئیشوعزخا لەناوچەی حبتون لەساڵی 600 ئەم دێرەی دروستکرد ".
6- دوو قەڵات و کەلاوەیەکی سەردەمی ساسانیان لەخوار گوندی زیارەت کە دیواری سەرخاکیان ماوە لەگەڵ ئەو کانیە ئاوەی کە دەڵێن کچو کوڕێکی ئەم دوو قەڵاتە حەزیان لێك کردووە کوڕەکە لەقەڵاتی خوارتار بەتونێلێکی نهێنی هاتووەتە سەر کانیەکە ... یەکتریان دیووە.
7- گوندی زیارەت – زرارەتی خواروو بەرامبەر (دوین) کە کۆنە مزگەوتێکی چاکراوەی لێ یە ئەم گوندە بەگوێرەی ووتەی خەڵکی دێیەکەو مەلا قاسم لەسەردەمی سەرەتای کوڕی برای ئیمامی عەلی لێ یە کە لە (تابعین) بوو لەنەوەی جعفر ئەل تەیار کە ئێستا گۆڕی لە ئوردنە بۆ ئەمەش لەگۆڤاری (ئەلعەودە) ی برا فەیلیەکان و سەنتەری رۆشنبیری فەیلیەکان لەهەولێربوو بلاوم کردەوە.. وەمن و سەرۆکی سەنتەر شاکر فەیلی وەزیری هەرێم مامۆستا یەدوڵلا کەریم سەردانی شوێنەکەمان کرد بەوێنە بلاو بووە وە پێش رووخانی رژێم، لەژمارە سەرەتاییەکان.
8- دێر مار یۆنان عودا ئێستا شوێنەوارەکەی ماوە پێ ی دەڵێن ( دیرونا) کە کورتکراوەی ( دێر یۆنان) کە ماریۆنان عودا عەبدوبەندەی حاکمێکی مەجوسی بووە وەك لەلاپەرە(256) ی هەمان سەرچاوەی ئەلبیر ئەبونا داهاتووە کە لەتەك گوندی (ئاشکر) ئاشگەی ئێستا بووە لەهەمان ناونزیکە وە کە باسی ئەم ئەشکەوتەشی دەکات لەسەرووی شوێن قەلاتەکەوەیە لەقەد چیا بەناوی ئەشکەوتی رەبەنان لەدۆڵی رەبەنان کە کاتی خۆی ماریۆنان لەوێ عاید بووە نەخۆشی چاکردۆتەوە پاشان دێرەکەی لەخوار قەڵاتەکە دروستکردووە بەگوێرە ڕای (حاجی) کە خەڵکی دێیەکەیە پاشایەکە باجی لەهەموو ئاینەکان وەرگرتووە ئەمەش بەڵگەی ئەمەیە کە هەتا درەنگ ناوچەکە زەردەشتی تێدا ماوە... بەڵکو نیوەی دۆڵی کۆڕی هەتا نزیك زیارەت زەردەشتی و مەسیحی بوینەو خوارتریش بوونەتە موسڵمان لەساڵانی 596-604 تا ساڵی (849-850) ی سەردەمی خەلیفە متوکل ئەم دێرە هەرماوە- بڕوانە هەمان سەرچاوەی لـ (256 – 257).
9- قەڵای زەردەشتیان دەکەوێتە سەر دێر یۆنان و پاشماوەکەی بەسەر قەڵاتەکە کەوتم دیارە دیوارەکانی کەوتووەتە ژێر گل تا سولقەو پارچە جەرەی ئەستوورم دۆزیەوە وەهەنێکم هێنایە ماڵەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ شێوە جەرەو گۆسکەی سەردەمی ساسانیان. جگە لەسەرچاوە مێژوییەکان و بەڵگە مەیدانیەکان کە ئەلبیر ئەیونا دەڵێ لەنزیك گوندی ( ئاشکر) ئاشگەیە)شوێنەوارەکانیش لە ئەشکەوت و – (دێر یونا) و ئاشەکە هەمووی وەك خۆیان بەرامبەر بەیەك لەگوندی ئاشگە ماوە بەمە دۆزینەوەیەکی گەورە ئاشکرا دەکەین هەروەها لەحاجی خالید کە خەڵکی دێیەکەیە بیستم تا ئێستاش خانوادەیەك هەن لەنەوەی مەسیحیەکانی کۆنن ئێستا موسڵمانن بەڵام پەیوەندیان لەگەڵ هەندێ کەس لەناوچەی ئەلتوش هەرماوە.
10- دێر شکوح – کەنزیك و لەخوار کۆڕێی یە. لە لـ (262) هەمان سەرچاوە بە (شخوح) یش ناوی هاتووە کە لەسەرەتای سەدەی هەفتەمەوە ناوی هاتووە کە دەڵێ لەدێر ماریونان عودا نزیکە هەروەها گوندی – (قور) کە مەبەستی (کۆڕ) ە لەبەر ئەوەی عەرەبوو سریانیە (ك) بەشێوەی (ق) دەنووسن وەك ( ئاکرێ) ( عقره).